ساڵی دەیەم .... ژمارە (٤٤) ئایاری ٢٠١٤



# سیمین بێهبەهانی

## ئەو شاعیرەی کە هەرگیز ڕۆح و قەڵەمەکەی نەفرۆشتوە

**نورا بوستانی**
**لە ئینگلیزییەوە: لالە ئیبراهیم**

دەنگی شاعیر (سیمین بێهبەهانی) بەرزدەبێتەوەو برینی ئەو ئێرانیانە سارێژدەکاتْ، کەلەشۆڕشێکدا خیانەتیان لێکراوە، ئەو شۆڕشەی کەلە مافەکانیانی کەمکردەوەو هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نەهێشتْ، **بۆ زیندوومانەوە پێویستە بێدەنگ بین...**

## سیمین وەکو ئەو شاعیرە گەنجە ئایدیا لیستانە نییە، کەلەئاستەکانی سەرەتای خۆبەختیدا دەهاتن‌و دەچوون

**بۆئەوەی بمێنینەوە پێویستە گۆرانی بڵێین...**

لەساڵی (1979) دا شاعیرەکان تەنها ناویان هەبوو، بەڵام سیمین هەر دەینوسین، بۆئەوەی بەرەنگاری ئەو ئێکشان و ناسازییە ببێتەوە، کە روو دەدەن، ئەو شیعرەکانی دەهۆنێتەوە و دەیانخاتە لەسەر کاغەز.

لە هەشتی مارسدا و بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ژنانەوە، کۆمەڵێک لە ئازادیخوازان و رۆشنبیران و ژنان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و لەناونیشیاندا سیمین بێهبەهانی ئێدابوو، کاتێک پۆلیسەکان لێیان نزیکبوونەوەو ویستیان رێگرییان لێبکەن، قوتابیەک لەناو خەڵکەکەوە هاواریکرد، ئەهای لەو خانمە نزیک نەبنەوە، ئەو سیمین بێهبەهانیە، ئەگەر دەستی لێبدەن من خۆم دەسوتێنم، ئەو هەستە قووڵەی قوتابیەکە وای لە پۆلیسەکان کرد، کە بکەونە لێدانی سیمین، تەنانەت شۆکی کارەباشیان لێدا، کاتێک سیمین بەدەست پۆلیسەکانەوە هاواری دەکرد، پۆلیسێکی دیکە کە بەدویدا هات، سیمینی ناسییەوەو خێرا کردیە ناو تاکیسیەکەوەو لەو شوێنە دوری خستەوە، سیمین بێهبەهانی لە پانزەیەم گەشتیدا بۆ ئەمریکا لەماڵی خوشکەزاکەی لە ماکلین لە رێگەی وەرگێرێکەوە باسی ژیان‌و ئازارەکانی خۆی و رووداوەکانی کرد لە هەریەکە لە واشنتۆن، نیویۆرک، لۆس ئەنجلس‌و چەند شارێکی دیکەو بەنیازیش بوو بچێتە کەنەدا.

سیمین دەڵێت «من هەمیشە لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان دواوم، تەنانەت لەپێش شۆڕشیدا و لەسەردەمی دەسەڵاتی شاشدا ناخۆشی زۆرم بینیوە، (مەبەست لەشا محەمەد رەزا شا پەهلەوییە) کە دەسەڵاتدار بووە پێش شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی (1979)، هەروەها دەڵێ لەئێران هیچ کات دیمرکراسی نەبووەو بەردەوام سانسۆرمان لەسەر بووە.

لەپێش شۆڕشدا شیعرەکانی سیمین لەبارەی هەژاری‌و هەتیوی‌و گەندەڵییەوە بوو، بەڵام کارەکانی ئەم دواییەی گۆڕانیانی بەسەردا هات و بوون بە باسی ئازادیی رادەربڕین‌و مافی دەنگە جیاوازەکان و بارودۆخی بەندییەکان، بەڕێوبەری لێکۆڵینەوە لەبارەی ژن و جێندەر لە زانکۆی ڤێرجینیا (فەرزانە میلانی) دەڵێن» بەبۆچوونی من سیمین سیمبۆلی شاعیرانی ئێرانییە کە ئائێستا زیندووە، من دەڵێم دەبێتە پاڵەوانی کلتوری، وەک ئەوە وایە کە هەم لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات بژی»، میلانی ئەمە لەکاتێکدا دەڵێت کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و لەکۆرسێکدا کە تایبەت بووە بە شاعیرانی مێینەی ئێرانی وتویەتیەوە.

میلان دەڵێت «سیمین (T.S ئەلیوت)ی بەبیرهێنامەوە، ئەو کەزۆر لەکلتورو هونەردا قوڵبوونەوەو کارەکانی مۆدێرنن‌و، رۆڵی خۆی هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ، هەرچەندە شیعرەکانی بەروخسار کۆنە، یان تەقلیدییە، بەڵام لەڕووی دەربڕینەوە زۆر تازەو گەشەکردووە».

هەروەها بەهبەهانی بەغەزەلەکانی ناسراوە، کە سفرەی خۆشەویستن‌و کێش‌و سەروایەکی تایبەتیان هەیە، هەرچەندە وا باوبووە کە غەزەلە و لەلایەن شاعیری پیاوەوە بۆ ژنێک وتراوە، بەڵام بێهبەهانی رۆڵەکەی گۆڕیوەو پیاوی کردوە بەبابەتی ئارەزوو. میلانی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: «غەزەلەکانی سیمین تەنها هەست‌و سۆز نەبوون، بەڵکو پاڵنەر بوون». رۆیا هاکاکیان نوسەرو شاعیرێکی ئێرانی-ئەمریکیە، لەبارەی بەهبەهانیەوە دەڵێت» لەحەفتاکاندا، تەمەنی هەرزەکاریدا بووم، بەهبەهانی شاعیرێکی تەقلیدی نەبوو، کاتێک شۆڕش سەرکەوتوونەبوو لەبەدەستهێنانی دیموکراسی، خەڵکی لەشیعری مۆدێرن پاشەکرد، بەڵام بەهبەهانی بەدڵسۆزییەکی تەواوو رۆحیەتێکی پاک بۆ کلاسیک‌و ئیشی مۆدێرن،

بوو بە سیمبۆلێکی زیندوو، ئەمەش لەبەرئەوە بوو کەلەسی ساڵی دواتردا بەشێوەیەکی خێراو بەرچاو ناوبانگی دەکرد.

هەروەها میلانی دەڵێت «سیمین هاورایە لەگەڵ شیعری تەقلیداو هەرگیز قەڵەمەکەی یان رۆحی نەفرۆشتوە بەهیچ حزبو گروپێکی سیاسی، لەگەڵا ئەوەشدا تائێستاش ئەو کەسێکی سیاسییە، چونکە بەردەوام باسی لەراستییەکان کردووە، تەنانەت هەندێک لەشیعرو وتەکانی لەناو خەڵکیدا بوون بەپەند و قسەی نەستەق «.

میلانی لەگەڵ (Kaveh Safa)دا هەندێک لەشیعرەکانی «بێهبەهانی»ان، لەژێر ناوی (کوپێک لەتاوان) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی ئەمەش چەند دێرێکە لەو شیعرەکانی:

ولاتەکەم دوبارە تو بۆنیاد دەنێمەوە

ئەگەر پێویست کات خشت دروستدەکەم بەژیانی خۆم

کۆڵەکە دروستدەکەم، بۆ پاڵپشتی سەقفەکەت

ئەگەر پێویست کات بەئێسکی خۆم..

سیمین وەکو ئەو شاعیرە گەنجە ئایدیا لیستانە نییە، کەلەئاستەکانی سەرەتای خۆبەختیدا دەهاتنو دەچوون، بەهبەهانی گومان لێکراوە، لەبەرئەوەی وتویەتی»من پێموایە کە گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەیەکی باشدا ناڕوات»، لەشوێنێکی تردا دەڵێت» بەو شەپۆلە تیرۆرەی کەلەئارا دایە بە کوشتارێکی بەر بڵاو و دادگای کانگارۆ بەرێت ئێمە بترسێنێ و هەروەها دیار نەمانی کەسە چالاکەکانی ناوی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا.

بێهبەهانی بەئاشکرا دژایەتیی ئەو حوکمە دیکتاتۆرییانەی دەکرد، کە ببوونە رێگر لەبەردەم ئازادیی رادەبڕینو بۆماوەی (10) ساڵا دوای شۆڕش، گۆڤارو رۆژنامەکان لەدژی سیمین بەکاریان دەهێناو تەییانکرد بووە ئامانج. لەساڵی (1996)و لەشەوێکدا لەماڵی دیپلۆماتێکی ئەڵمانی دەستگیرکرا، پاش لێدانێکی زۆر، بە چاوبەستراوی بردیانە زیندانو لەرۆژی دواتریشدا بەچاوبەستراوی لەناوەڕاستی شەقامدا فڕێ دراوە. شیرین عیبادی کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرتووە لە نوسینێکدا لەبارەی ئازادییەوە بەناوی (ئێران بێدار دەبێتەوە) بێهبەهانی بە (رۆحی نزیک وەسف دەکات، کە هەمیشە باسی ئەو رێگرییانەی کردوە، کە لەبەردەم ژناندا هەیە و هەوڵیداوە مافەکانیان بەدەستبهێنەوە، بێهبەهانی لەوەڵامی پرسیارێکدا کەئایا بۆ هەمیشە ئێرانی بەجێهێشتوە؟ بەپێکەنینەوە دەڵێ« دەمەوێ لەوێ بژیمو لەوێش بووم» من هەمیشە هەست بەئازاری خەڵکەکەم دەکەمو دەمەوێ بە زمانو جەستە لەگەڵیان بم». ئەو توانایەی کە ئێستا هەمە لەوانەوە دەستم کەوتوە، ئەو تازەگەرییەی کەهەمەوکاری لەسەر دەکەم، هەوڵدەدەم بۆ خەڵکی وڵاتەم بێت، چونکە من هی ئەوانمو ئەوانیش هی منن.

سیمین بێهبەهانی (خلیلی) لە ساڵی (1927) لە تاران لە خێزانێکی هونەری لەدایکبووە، عەباس خەلیلی باوکی نووسەر و سەرنوسەری رۆژنامە بووە «فەخر عادل خەلع تەبەری» دایکی کەسێکی فێمینست، مامۆستا، نوسەر سەرنوسەری رۆژنامە، هەروەها شاعیریش بووە.

سیمین لەچوارده ساڵیەوە شیعری نوسیوەو هەر لەو تەمەنەشدا بڵاویکردوەتەوە، سیمین چوارینەی بەکاردەهێنا کە ستایلی نیما بوو، ئەم تازەکردنەوەی مێژووی فارسی بوو، دواتر چووە سەر رێچکەی غەزەل کە شێوازێکی ئازادە بۆ نوسینی هۆنراوە کە هاوتایە لەگەڵ (sonnet) ی رۆژئاوادا پەرەیدا بە کارەکەی لە غەزەلدا، لە شیعرەکانیدا بابەتی رۆژانەی خەڵکی بەکار دەهێنا.

غەزەلەکانی سیمین بێهبەهانی شێوازێکی تایبەتی هەیە، کە پێی دەناسرێتەوە، سیمین لەو شێوازە تەقلیدیەی شیعری فارسی دەرچووە و کۆمەڵێک ئیشی گرنگی لەسەدەی بیستدا کرد.

لەساڵی (1997) خەڵاتی نۆبڵی هونەری پێ بەخشرا، هەروەها لەلایەن چاودێرانی مافی مرۆڤیشەوە لەساڵی (1998-1999) بەهۆی کارەکانی لەبارەی ئازادی رادەربڕین لەئێران خەڵاتکرد.

**سەرچاوە:**

سایت مردمک:

http://www.mardomak.net//story/simin_behbahani1

واشنگتن پوست:

http://www.washingtonpost.com/wp-dyn//09/06/content/article/2006 AR2006060902025.html